# کاتی ئەوە هاتووە خانمانی بێ هاوسەر

**ڕێکخراوی فریاگوزاری نێودەوڵەتی لە ڕووپێوێکدا ئاماژەی بە ژمارەی خانمانی بێ هاوسەر (بێوەژنان) لە عێراقدا کردووە، کە یەك ملیۆن و ٥٩٣ هەزار و ٤٧٥ بێوەژن هەیە و لەو ئامارە**

### ئازارەکانی خانمانی بێ هاوسەر

نوریبیە محەمەد ئافرەتێکی تەمەن ٣٨ ساڵە خاوەنی دوومنداڵە و دووجار شووی کردووە و ئێستا بێوەژنە، ئەو ئافرەتە لەبارەی ژیانیەوە دەڵێت « کە تەمەنم ١٦ ساڵ بوو شووم کرد و خوێندنم جێهشت، لەگەڵ هاوسەرەکەم ماوەی ٧ساڵ پێکەوە بووین و ژیانێکی خۆشمان بەسەر برد و خاوەنی دوو کوڕی جمك بووم کە تەنیا تەمەنیان ٤ ساڵ بوو، دواتر هاوسەرکەم بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، پاش ماوەیەك شووی دووەمم کردەوە، هەرچی ماڵم هەبوو دام بە هاوسەرەکەم بۆ ئەوەی کاسبی پێوە بکات، بەڵام زەرەری کرد، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کێشە لەنێوانمان دروست بێت، تا گەیشتینە ئەوەی بڕیاربدەین لەیەکتری جیاببینەوە، بەڵام تا ئێستاش پارەیەکی وای پێ نەداینەوە کە خێری لێ ببینم، منیش ناتوانم لەبەر قسەی خەڵك هیچ کارێك بکەم و دەبێت هەر چۆنێك بێت ئاگادری خۆم بم».

ڕێزان مەحمود ژنێکی تەمەن ٢٧ ساڵە و ماوەی پێنج ساڵە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە و خاوەن کوڕێکە ئەو دەڵێت «هاوسەرەکەم هیچ گرنگی پێ نەدەداین و بەردەوام خەریکی کارکردن بوو، من هەر دەمزانی خەریکی کارکردنە، بەڵام دوای ماوەیەك زانیم ژنێکی تری لەشاری سلێمانی هێناوە، ئەوکات من داوای جیابوونەوەم کرد و هەموو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکەم خستە سەر ئەستۆی خۆم، بۆ ئەمەش ناچار بووم نان بۆ ماڵان بکەم، تا توانیم کوڕەکەم گەورە بکەم، بەڵام ئێستا توانای جارانم نەماوە و ماڵی باوکم یارمەتیم دەدەن و زۆربە باشی دەزانم کە پێویستە حکومەت هەوڵی بەکارخستنی بێوەژنانی وەکو ئێمە بدات».

### لیژنەی ژنانی پەرلەمان و هاوکاری ئافرەتانی بێ هاوسەر

بارودۆخی خراپی بێوەژنان لەکوردستان وایکردووە دەستەی لیژنەی مافی ئافرەتان لەپەرلەمان دابمەزرێت، هاژە سلێمان مستەفا جێگری سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەتان لەپەرلەمان باس لەوە دەکات کە تا ئێستا بێوەژن لە کوردستان کۆمەڵێك کێشەی هەیە کە نەتوانراوە چارەسەرێکی ئەوتۆی بۆ بدۆزرێتەوە لەگەڵ ئەوەش بچووکترین کێشەی ئافرەتی بێوەژن لەکوردستان ئەوەیە کە نەیتوانیوە بە ئازادی کاربکەن و کۆمەڵگە بەردەوام نیشانەی پرسیاری لەسەر داناون و کۆمەڵێك مافیان لێ زەوت دەکرێت.

هاژە لەبارەی ئەو هەوڵانەی بۆ کەمکردنەوەی کێشەی بێوەژن دراون دەڵێت: (هەرچەندە لەڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە توانراوە پڕۆژەی بچووك پێکەش بکرێت، بەڵام ئەوندە بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێوەژن، هەروەها ئێمە لە پەرلەمان وەکو لیژنەی مافی ئافرەتان هەستاوین بە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەك بەناوی (هاوکاری ئافرەتانی بێ هاوسەران) بۆ ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان نەماوە، ئەویش لەڕێگەی پێدانی قەرزی بچووکەوە بۆ ئەوەی بتوانن کار بۆ خۆیان بکەن، هەروەها هەوڵمانداوە یەکەی نیشتەجێبوونیان بەپارەیەکی کەم بۆ دابینبکرێت بەشیوەی قیستی درێژخایەن و مانگانە بڕێك پارە بدەنەوە بەحکومەت تا قەرزەکە لەسەریان نامێنێت و ئینجا بەناویان بکرێت، ئەو پڕۆژەیە جارێك لەپەرلەمان خوێندنەوە بۆ کراوە و ئێستاش بەردەوام کاری لەسەر دەکەین، چونکە پێویستی بە بودجەیکی زۆر هەیە».

### دۆزینەوەی کار بۆ ئافرەتان

سەبارەت بەو هەوڵانەی کە پێوەندی بەلایەنی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، د.عارف حیتو لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت «ئێمە مانگانە بڕە پارەیەك بەو ئافرەتانە دەدەین کە بێ کەسن و ناوی خۆیان تۆمارکردەوە و هەورەها ئەگەر هەر ئافرەتێك بێت ناوی خۆی تۆماربکات بۆ ئەوەی کاری بۆ بدۆزینەوە ئێمە بەدڵنیایەوە هاوکاری دەکەین، جا بەتایبەت بێوەژن بێت و بێکاربێت، ئەوا کاری بۆ دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی مووچەی خۆی و بەسەربەرزی بژیت و پێویستی بە هیچ کەسێك نەبێت».

### کاتی ئەوە هاتووە بێوەژن لە زیندانی کۆمەڵگە ڕزگاری بێت

خانمانی بێ هاوسەر کە بە زمانی گشتی خەڵك پێیان دەگووترێت بێوەژن، خۆیان خاوەنی کۆمەڵێك ئازارن، سەبارەت بەو ئافرەتانەشی بەهۆی جیابوونەوە بێ هاوسەر بوون، بێگومان ئەو ئافرەتانە بۆیە ئەو بڕیارە قورسەیانداوە بۆ ئەوەی خۆیان لە دۆزەخێك ڕزگار بکەن، کە لەژیانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو نەبوونە، بەڵام دوای جیابوونەوە جارێکی دیکە دەکەونە بەر تێڕوانینی کۆمەڵگە کە دووبارە تووشی ئازارێکی گەورەتری کۆمەڵگە دەبنەوە.

بەهزاد محەمەد تویژەری کۆمەڵایەتی لەبارەی دیدی کۆمەڵگە بەرامبەر بێوەژن و ئازارەکانی بێوەژن دەڵێت «ئەو تێڕوانینە لەڕووی مێژووییەوە پشت بە جۆری سیتمی کۆمەڵایتی دەبەستێت، کە ئەویش سیستمی باوك سالاریە کە لەهەناوی ئەو سیستەمە سێبەری باوکسالاری بەسەر ئافرەتەوە دیارە. لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بۆ مانەوەی ئەم دیاردەیە سوودێکی باشیان لە ئایین و ئایینزاکان بینیوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەلایەن کۆمەڵگەوە هەوڵبدرێت بەچاوێکی گەورە سەیری بێوە ژن بکرێت و هاوکاری بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو زیندانیە ڕزگاریان بێت کە کۆمەڵگە بۆیانی دروستکردووە».

### چارەسەرکردنی کێشەکانی بێوەژنان لەڕێی

**بڕوامان بەوە هەبێ کە دەبێت ژنان لە حاڵەتی ئاساییدا پێویستە لەداهاتی خێزاندا هاوپشك بێت**

# ـــەر لە زیندانی کۆمەڵگا ڕزگار بکرێت

**بەشـــێکی لە ئافرەتانی کوردستانیشـــی تێدایە، ئەو ئافرەتانەی لە کوردستان بێوەژن دەبن بە دیدێکی تایبەت سەیر دەکرێن و بەردەوام ئەو ئافرەتانە بەر تانەو توانجی کۆمەڵگە دەکەون.**

### ئابوورییەوە

هۆزان عومەر محەمەد ئەندامی ســەندیکای ئابووریناســـان دەڵێت «لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بێـــوەژن توێژێك یـــان چینێکـــی دیاریکراوی کۆمەڵگـــە نییـــە، وەك (مامۆســـتایان یـــان کرێکاران یان بازرگانان)، بەڵکو ئەوە تێڕوانینی کۆمەڵگەیە کە وابەســـتەی دەکات بە کۆمەڵێك بەندو بار. سەرەنجام ئەو بەندوبارە کۆمەڵایەتیانە دەرهاویشـــتەی ئابـــووری لێدەکەوێتەوە، چونکە بارگرانکردنـــی دیدی کۆمەڵایەتـــی لەهەناوی خـــۆی بارێکی زیاتـــری خۆی خستۆتەســـەر ئەوکەسانە».

### شیکردنەوەی ڕێژەی بێوەژن بەپێی ئامارەکەی عێراق

لەم ڕووپێوەی ئەو ڕێکخـــراوە دەردەکەوێت کەوا «١ملیۆن و ٥٩٣ هەزار و ٤٧٥ بێوەژن لەعێراقدا هەیە» ئەوجا ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٢٤ ملیۆن بێت، ئەوا ڕێژەکە لە ٠٦٪ـە، ئەمەش واتە لە هەر ١٠٠ کەس ٦ کەس بێوەژنە، هەروەها لە ئامارەکـــەدا هاتووە ئەو ژنانـــەی تەمەنیان لەنێوان ٢٥ تا ٣٥ ساڵە، ڕێژەی ٣٢٪ پێکدێنن، ئەگەر تەمەنی ٢٥-٣٥ساڵیش لەکۆی تەمەنی ژمارەی دانیشـــتووانی عێراق وەربگرینەوە، کە بەپێـــی ئەم ئامارە دەکاتە نزیکەی چوار ملیۆن، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ١٦٪، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو تەمەنە ٢٥ تـــا ٣٥ کە گرنگترین تەمەنـــە بۆ هێزی کار، ئەوا دەردەکەوێـــت کە ڕێژەی ٤٦٪ی بێوەژنەکان بێـــکارن و هیـــچ هاوکارییەك ناکرێـــن، ئەگەر هەوڵێك هەبێت ئەم توانایانە بخاتە گەڕ و کاریان بۆ بدۆزرێتەوە ئەوە مانای ئەوەیە بێجگە لەوەی کۆمەڵێك مرۆڤ لەبـــێ کاری ڕزگار دەکەین، لە هەمانکاتدا سوودێکی گەورەش بە کۆمەڵگە دەگەیەنین.

### هەنگاوەکانی چارەسەرکردن

لێـــرەوە دەکرێت بیر لەوە بکەینەوە بەدەر لەهۆکارە جەنگی و ئەمنیەکان(کە زیاتر ڕەنگدانەوەی لەسەر خوار و ناوەڕاســـتی عێراق هەیە)، بەڵام کەم تا زۆر لەڕێژەی ٣٢٪ دەکەوێتە هەرێمی کوردستان کە ئەویش کێشەی بێکاری و نە هاوتای تەمەن و نەبوونی هیچ بەندو بارێکی پێشینەی هۆشیاری لەشێوەی خولی ئیجباری بۆ گەنجەکان، ئەمانە هۆکار گەلێکن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێویســـتە هەوڵی دیکەش هەبن بـــۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە ببنـــڕ بکرێن کە دەبنە هۆکاری ئەوەی ژنان بێ هاوســـەربن، بەڵام وەك دەبینن ئەم دیاردەیە بوونی هەیە بۆیە پێویســـتە هەوڵەکانیش بۆ کەمکردنـــەوەی مەینەتیەکانی بێوەژن کەم بکرێتەوە. پسپۆران پێیانوایە پێویستە ئـــەو هەنگاوانـــەی خـــوارەوە بگیرێتەبـــەر بۆ کەمکردنەوەی گرفتی بێوەژنان:

١ــ بەر لەوەی ڕووی داخوازیمان بکەینە لایەنی پێوەندیدار، پێویستە بڕوامان بەوە هەبێ کە دەبێت ژنان لە حاڵەتی ئاســـاییدا پێویســـتە لەداهاتی خێزاندا هاوپشك بێت و یان گرنگی بە دەسکەوتی مـــاددی ژنان بدرێت، لەبەر ئـــەوەی هەنگاوی یەکـــەم بۆ ئازادی ژن لە ئابوورییەوە ســـەرچاوە دەگرێت، کەبووە خاوەنی ئابووری خۆشی ئەگەر بووە بێوەژنیش، بـــێ خەرجی نابێت یان بێ کار نابێت تا کار دەدۆزێتەوە پەکی ناکەوێت.

٢ــ ئەگـــەر ئافرەتێك بێوەژن بوو و بێ دەرامەت بوو، ئـــەوا ئەرکی ڕێکخراوەکانە هەوڵبدەن کاری شایســـتە و گونجاویان بۆ بدۆزنـــەوە، هەروەها هەوڵبدەن سوود لە قەرز وەربگرن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی بچووك.

٣ــ هەوڵبدرێت لەلایەنـــە حکومیەکان لەکاتی هەلـــی کار و دامەزرانـــدن و وەرگرتنـــی CV، حاڵەتـــی بێوەژنی بەچەنـــد خاڵێك وەك ئیمتیـــاز پێدانێك و ئەولەویەتێك بـــۆ بێوەژنان تەرخانکرابێت.

٤ــ گەڵاڵەکردنـــی پرۆژە یاســـایەکی ئەوتۆ کە لەبەرژەوەندی بێوەژندابـــێ لەکاتی مردنی مێردەکەی، یان جیابوونەوەی لە مێردەکەی.

٥ــ یاســـای قەدەغەکردنـــی فرەژنـــی یاســـایەکی گونجاوە بۆ ئەم ســـەردەمە، بەڵام لەهەر کاتێك لە کاتەکان پیاو بۆی هەبێ ژنـــی دووەم بهێنێ بالە ڕێگەی یاساوە بەشـــێوەکی لۆژێکی هەوڵبدرێت و بەشـــێوەی ئیجباری ناڕاستەوخۆ ژنی دووەمی بێوەژن بێت.

٦ــ پێویســـتە زانایانـــی ئایینـــی ئەوە بهێننەوە زهنی خەڵك کە خودا فرسەتی بە بێوەژن داوە شـــوو بکاتەو وەك هاوسەرەکانی پێغەمبەر(د.خ)، یـــان بۆی هەیە کاری ئازاد بکات وەك هاوسەری پێغەمبەر( د.خ).

٧ ــ کاراکردنی ڕۆڵی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەبیمـــەی کۆمەڵایەتی و دانانی بەرنامەی بڕی پێویســـتی ژیان (حدکفاف) بۆ خانـــەوادەی بێوەژنان.



**ماڵی باوکم یارمەتیم دەدەن و زۆر بە باشی دەزانم حکومەت هەوڵی بەکارخستنی بێوەژنانی وەکو ئێمە بدات**

# لە فەرمانگاکان متمانە بە توانای ئافرەت ناکرێت

ئا: دیار سالار

لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان و کچان لەدامودەزگا حکومی و ئەهلییەکاندا کاردەکەن، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ڕێژەیەکی زۆر کەمیان هەن کە توانیبێتیان بگەنە پلەیەکی ئیداری بەرز و ئیرادەو تواناکانیان بخەنە گەڕ و پێگەیەکیان بۆ خۆیان دروست کردبێت، هەندێکیان گلەیی لەو پیاوانە دەکەن بەوەی کە ناهێڵن ئافرەتان بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام بەشێکی دیکەیان ئاماژە بەوە دەدەن پیاوان بەهیچ شێوەیەك ڕیگە نادەن ئافرەت بەرپرسیان بێت، بەڵام زۆر لە ئافرەتان توانیویانە لەڕووی ئیداری و کۆمەڵایەتیەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنن و پێگەی دیار و بەهێزیان بۆ خۆیان و خێزانەکەیان دروستکردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەگەر ئافرەتێك خاوەن جورئەتێکی بەهێز بێت، دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و پێگەیەك بۆخۆی دروست بکات کە کەمتر نەبێت لەپێگەی پیاو.

### ئافرەتان خۆیان ئیرادەی خۆیان سڕدەکەن

ئافرەتان بەشێکی زۆریان خۆیان دەترسن و ناوێرن هەوڵبدەن، ئەگەر هەوڵبدەن کۆمەڵگە ناتوانێت ڕێگریان لێبکات، لەمبارەیەوە شاناز عەلی فەرمانبەر لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەلێهاتوویی هەندێك لە ئافرەت دەکات کە کەسانی لێهاتوو سەرکەوتوون و توانیویانە بەسەر هەموو گیروگرفتەکاندا زاڵبن و دەشڵێت «زۆرێك لە ئافرەتان توانیویانە سەرکەوتن بەدەستبهێنن، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە ئافرەتانیش هەن هەرزوو لەپێناوی دابوونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ڕازیکردنی پیاوان ئیرادەی خۆیان سڕدەکەن و هیچ هەوڵێك نادەن بۆ سەرکەوتن لەژیانی ڕۆژانەیاندا، واتا ئافرەتان خۆیان بەرپرسیارن لەداهاتووی خۆیان و دەبێت هەوڵبدەن سەرکەوتن بەدەستبهێن و گوێنەدەنە ئەو کەسانەی کە دان بەتواناکانیان نانێن».

### ژنان متمانەیان بەتوانای یەکتر نییە

ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئافرەتی سەرکەوتوو دەبێتەوە هەندێکجار هەر ژنانن کە کێشە بۆ ژنانی دیکە دروست دەکەن و باوەڕیان بە توانای خۆیان و ژنێکی تر نییە، هێلین جەمال فەرمانبەر لەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت «ڕاستە ئەگەر ئافرەتێك لەکارەکانیدا سەرکەوتوو بێت بەرەنگاری زۆرترین توانج و قسەو قسەلۆك دەبێتەوە، بەشێکی لەو قسە کردنانە و نەهێشتنی متمانە بۆ کەسێکی سەرکەوتوو ئافرەتان خۆیانن، هەر بۆیەش ئافرەتان نەیانتوانیوە گوێ نەدەنە کۆمەڵگە لە هەوڵی تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆیان».

### پیاوان ڕێگرنەبوون

بەپێچەوانەوە زۆرجار ئافرەت توانیویەتی هەوڵ و توانا شاراوەکانی خۆی بەدەر بخات و هەندێك لە بەهرەکانی پیشانی کۆمەڵگە بدات، بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی پلەیەکی ئیداری بەدەست بهێنێت، بەڵام بەداخەوە هەموو کۆمەڵگە پیاوان و ئافرەتانیش ڕێگریان لێکردووە کەوتوونەتە کێشە دروستکردن و نەیانهێشتووە لەکارەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، هەوار تایەر توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت «ئەوەی کەمن تێبینیم کردووە کۆمەڵگە قبووڵی ئافرەتی سەرکەوتوو ناکات، تەنانەت ئەوەندەی ئافرەتان ڕێگرن لە دروستبوونی ئافرەتی سەرکەوتوو، پیاوان ڕێگرنەبوون یاخود ئافرەتان خۆیان ناتوانن کار لەسەر هەندێك بابەت بکەن، بۆ نموونە پارێزەرێکی ئافرەت خۆی نایەوێت کار لەسەر کەیسێکی کوشتن و تاوانکاری بکات، چونکە کەسوکاری خاوەن کێشەکە متمانەیان بە توانای ئەو ئافرەتە پارێزەرە نییە».

### ئافرەتان ئیرەیی بەئافرەتی سەرکەوتوو دەبەن

خاتوو تەرزە عەبدوللا وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بە ئەقڵیەتی پیاوسالاری دا لەناو کۆمەڵگەی ئێمە و دەڵێت «پیاوانی ڕۆژهەڵات بەگشتی لەڕووی دەروونییەوە حەزدەکەن ئافرەتان لەژێر کۆنترۆڵیاندا بێت، بەهیچ شێوەیەك ناتوانن قبووڵی ئەوە بکەن کە لەڕووی ئیدارییەوە ژنێك فەرمانیان پێبدات، چونکە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات لە بنچینەدا کۆمەڵگەی خێڵەکی بوون، بەڵام ئەمەش نابێتە هۆی ساردبوونەوەی ئافرەتان بەم شێوەیەی کە تاکەکان بیر دەکەنەوە، ئەگەر سەیر بکەین زۆر لەئافرەتانیش حەزناکەن ئافرەتێکی سەرکەوتوو هەبێت لەناویاندا، لەبەر ئەوەی کە ئافرەتانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە جۆرە نەریتێکیان لەلا دروست بووە کە ببنە پاشکۆی پیاوان، واتە لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بن، کاتێك دەبینن ئافرەتێك لەوان سەکەوتووترە توانای زیاتری هەیە و نەبۆتە پاشکۆیەکی مێردەکەی یان براکەی یەکسەر هەوڵدەدەن کە تواناکانی کپبکرێت و نەهێڵن سەرکەوتوو بێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرێك لەژنان لەڕووی دەروونییەوە حەزدەکەن پیاوەکان لەوان باشتربن، نەك ژنانی دیکە، چونکە هەندێك ژن جۆرە ئیرەییەکیان تێدایە پێیان ناخۆشە هاوڕەگەزی خۆیان سەرکەوتوو بێت و حەزدەکەن هەمیشە پیاوەکان بەسەریاندا زاڵبن».

### هەمیشە پیاوان کاندید دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان چ سیاسی یان ئیداری بێت

لەهەوڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەتان لەکۆمەڵگەو بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەتان لەناو دامودەزگا حکومیەکاندا، سۆزان شەهاب ئاماژەی بە مافە یاساییەکانی ئافرەتان دا لە دەستووری هەرێمدا کە دەتوانرێت لەبڕگەکانیدا هەموو ڕۆڵ و پێگەیەکی ئافرەتان دەستنیشانبکرێت و هەموو ئافرەتان دەتوانن لەسەر ئەو بنەما یاساییانەی کە لە دەستووردا هاتووە پێگەیەك بۆخۆیان دروستبکەن، سەبارەت بەکەمی ڕێژەی ئافرەت لەپۆستە ئیدارییە باڵاکاندا سۆزان دەڵێت «حیزبە دەسەڵاتدارەکان هۆکاری سەرەکین لە بێبەشکردنی ئافرەتان لەپۆستە ئیدارییەکاندا، لەبەر ئەوەی هەمیشە پیاوان کاندید دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان چ سیاسی یان ئیداری بێت».

### ڕاگەیاندن لە ئاست پرسەکانی ئافرەت کەمتەرخەم بووە

ڕاگەیاندنەکانیش وەك پێویست هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ڕۆڵی ئافرەتان بەرز بنرخێنن و هانی ئافرتان بدەن بۆ بەشداری کردن لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەنووس لەنجە عەبدوڵڵا ئاماژەی بە زاڵبوونی هزری پیاو سالاری بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بە ڕاگەیاندنیشەوە کرد و وتی «ڕاگەیاندن هەتائێستا وەك پێویست نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و هەمیشە لەراست پرسەکانی ئافرەتان کەمتەرخەمبووە، ڕەنگە هۆکارەکانیش زۆربن، لەوانە زاڵبوونی هزری پیاوسالاری و سەرقاڵبوونی ڕاگەیاندن بە بابەتە سیاسییەکانەوە». لەنجە ئاماژەی بەوەشدا کە کەمی ڕێژەی ئافرەتان لەبوارەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا هۆکاری کێشەکانە نەك ڕاگەیاندن، لەبەر ئەوەی ناکرێت بڵێین ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سلبی هەبووە، بەڵام دەکرێت بوترێت کەمتەرخەمی نواندووە لەبەرانبەر پرسی ئافرەتاندا.

### ئافرەتمان هەیە کە دەرچووی زانکۆن، بەڵام هیچ هەوڵێك نادەن بۆ دەستکەوتنی پلەیەکی ئیداری بەرز

ئەگەر تەماشای ڕێژەی ئافرەت بکەین لەحکومەتی هەرێمدا ڕێژەیەکی باشیان هەیە، بەڵام بەداخەوە کەمتر ئافرەت توانیویانە پلەی ئیداری بەرز بەدەست بهێنن و کەمتر لەپلە ئیدارییەکاندا ئافرەت دەبینین، لەمبارەیەوە دکتۆرە کوردستان موکریانی ئاماژە بەو ئاستەنگانە دەکات کەدەبنە ڕێگر لەسەرکەوتنی ئافرەتان و هزری هەندێك لەپیاوەکان کە ناهێڵن ئافرەتی سەرکەوتوو بەرهەمبێت و دەڵێت «بەشێکی زۆر لەئافرەتان لە کۆمەڵگە دەترسن و بروایەکیان لەلای خۆیان دروستکردووە کە پۆستە باڵاکان هی پیاوانن و نابێت هەوڵی بۆبدەن، چەندەها ئافرەتمان هەیە کە دەرچووی زانکۆن، بەڵام هیچ هەوڵێك نادەن بۆ دەستکەوتنی پلەیەکی ئیداری بەرز، بەشێکی زۆریش لەپیاوان ڕێگری دەکەن لەوەی ئافرەتێك ببێتە سەرۆکی بەشێك لەزانکۆ یان بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك، بێگومان ڕاستە ئەمانە هەموویان ڕێگرن، بەڵام دەبێت ئافرەتان هەوڵبدەن بۆ ئەوەی پێگەیەك بۆخۆیان دروست بکەن و هەوڵ و تواناکانی خۆیان بەدەربخەن».



گوڵستان ئافرەتێکی ترە لەوانەی کە جەستەی بێتاوانی خۆی و منداڵەکەی ناو سکی لەخەوی شیریندا دەبێتە قوربانی توندوتیژی کۆمەڵگەی پیاوســالاری و بەهۆی دەســترێژی گوللەی براکەیەوە دەکرێتە قوربانی و کۆتایی بە دوو گیانی پاك دەهێنرێت، بەبێ ئەوەی هەتا ئێستا هۆکارەکەی زانرابێت.

# گوڵستان و کۆرپەکەی ناوسکی بەدەسترێژی براکەی دەکوژرێن

ئا: سانە سلێمان



**مێردی گوڵستان:**
بوختانیان بۆ هاوسەرەکەم دروست کرد گوایە پێوەندی لەگەڵ پیاوێکی تر هەبووە

**دایکی گوڵستان:**
خۆم سکاڵام لە دژی کوڕەکەم بەرز کردەوە

**باوکی گوڵستان:**
کوڕەکەم خۆی لەپرسەکە پێوەندی کرد و گوتی من گوڵستانم کوشتووە

**عەقید جەمیل محەمەد ئەمین سورچی:**
تاوانبار لە پەنجەرەکەوە تەقەی لێکردبوون و دایک و کۆرپەکەی کوشتبوون

### مێردی گوڵستان:
### تەنیا مانگێک مابوو کۆرپەی خۆم ببینم بەڵامماڵیان کاولکردین

(ر، ع، م) تەمەن ١٨ ساڵ، پیشەی مریشك فرۆشە و ١١ مانگە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ گوڵستانی تەمەن ١٦ساڵە پێك هێناوە، کە ژنی ماڵەوە بووە و لە ماڵۆچکەیەك ژیانێکی کامەران و بەختیاریان پێکهێنابوو، ئەم ژن و مێردە لاوە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد ماوەیەکی دیکە ببنە دایك و باوك و کۆرپەکەیان لە ئامێز بگرن، بەڵام ئەم ئاواتە نەهاتە دی و لە شیرینی خەودا هەردووکیان(گوڵستان و کۆرپەکەی ) بوونە قوربانی فیشەکی دڵڕەقانەی براکەی و کۆتایی بە ژیانیان و کامەرانی ئەو خێزانە هات، سەبارەت بەم ڕووداوە هاوسەری گوڵستان بەمجۆرە دڵی خۆی بۆ گوڵان کردەوەو وتی: (گوڵستان ئامۆزام بوو، کاتێك ژیانی هاوسەریمان پێکهێنا لە خێزانێکی کامەران و بێ کێشە ژیانمان بەسەر دەبرد و زۆر یەکتریمان خۆش دەویست، خوای گەورە کۆرپەیەکی پی بەخشیبووین کە تەنیا مانگێکی مابوو هەردووکمان وەك دایك و باوك لە ئامێزی بگرین، بەڵام لەشەوی ٨-٢٠١١/١١/٩ براکەی بەناوی (ح) لەگەڵ دوو کوڕە پورم بەناوی (س.و.ه) هەڵسان بە کوشتنی خێزانەکەم، دوای کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان زانیم لەڕۆژی پرسەکە (س) تەلەفۆنی بۆ خێزانەکەی کردبوو کەدەکاتە (ب) ی خوشکی گوڵستان و قسەی لەگەڵ کردبوو بەشاهیدی خوشکێکی تری بە ناوی (م) کە گوێی لە قسەکانیان بووە، لە تەلەفۆنەکەدا (ب) ی خوشکی گوڵستان بە (س)ی کوڕە پوری منی گوتووە، کە دراوسێیەکیان لەکاتی ئەو ڕووداوە(س.و.ه) بینیووە کە بە سواری ماتۆڕ سکیل لەدەوری ماڵی گوڵستان بوون، هەروەها بەیانی دواتر برای (س) تەلەفۆنی بۆ (ق) ی ئامۆزای کردوەو پێوەندی بە ماڵی باوکی گوڵستان کردووەو وتووبووی کە (ح)ی برای گوڵستان بە ئۆتۆمبێل وەرگەڕاوە، ئەمەش بۆ شوێن بزرکردنی ڕووداوەکە، بەڵام دواتر دەرچوو قسەکەی درۆ بووە، دایکی گوڵستان ئێمەی ئاگادارکردەوە کە ئەو قسەیەی (ق) پێی وتوون درۆیە و بۆ ئەوە بووە کە گومانمان لەسەر (ح) نەبێت، هەروەها پێش کوشتنی خێزانەکەم (س) ی کوڕە پورەکەی بوختانیان بۆ دروست کردبوو، بەوەی گوایە گوڵستان پێوەندی لەگەڵ پیاوێك هەبووە، هەروەها (س) بە تەلەفۆن هەڕەشەی لە گوڵستان کردبوو کە(ح) برای دەیکوژێت، هەروەها لە پرسەکەش (ح) تەلەفۆنی بۆ باوکی کردبوو پێی وتبوو من خۆم دەزانم بۆچی گوڵستانم کوشتووە و ڕۆژێکیش دێت پێتان دەڵێم بۆچی کوشتوومە؟ بەڵام من وەکو هاوسەری گوڵستانی جوانەمەرگ سکاڵام لە دژی براکەی هەیە و ئێستاش ڕایکردووەو نەگیراوە».

### دایکی گوڵستان:
### کچەکەم هاتووچۆی ماڵی براکەی نەدەکرد بۆیە ڕقی لێی هەستابوو

خاتوو(ن،ر)ی تەمەن ٥٧ ساڵ کە دایکی گوڵستانە سەبارەت بەم ڕووداوە پێی وتین: کچەکەم لە مانگی ٢٠١٠/١٠ بە دڵی خۆی شووی بە ئامۆزای خۆی کرد و ژیانێکی زۆر خۆشیان هەبوو، هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کەس نەبوو، هەروەها گوڵستان نێوانی لەگەڵ هەموو خوشکەکانی خۆش بوو، بەڵام تەنیا گرفتی لەگەڵ (ح) کوڕم هەبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی (ح) خانووێکی نوێی کردبوو بەڵێنی بە خوشکی دابوو کە دەعوەتی بکات، بەڵام ئەویش ئەو کارەی نەکرد ئیتر کچەکەم سەردانی نەکرد و براکەی هەر لەسەر ئەوە ڕقی لێ هەڵسا تا لەڕۆژی ٢٠١١/٩/٩ کاتژمێر ٢:٣٠ شەو مێردەکەی تەلەفۆنی کرد گوتی پلە (ن) گوڵستان لە ژووری سەرەوە خەوتووە دایکم تەلەفۆنی کرد گوتی دەنگی تەقە لە ماڵەوەمان هاتووە چوینەتە ماڵتان چەندی بانگی دەکەین وەڵام ناداتەوە، منیش لەلای (موصل)م بۆ هێنانی مریشك، هەربۆیە لە تاوانا بەو شەوە لەگەڵ کچێکم هەڵساین چووین بۆ ماڵی گوڵستان لە گەڕەکی کوردستان، کە چووین، پێش ئێمە خەسووەکەی و شوبرایەکی گوڵستان گەیشتبوون و پێیان وتین چەند لە دەرگا دەدەین وەڵامی نییە، هەروەها گوێمان لە تەقەیەکی زۆر بوو، دوو پیاویشمان بینی لەسەر پەیژەکە هاتنە خوارەوە دەموچاویان بە دەمامك داپۆشرابوو، یەکیان باڵای بەرز بوو ئەوەی تر باڵای مام ناوەندی بوو، بەڵام نەمان ناسین کێ بوون، بۆیە ئێمەش بەناچاری چووینە سەرەوەو دەرگاکەمان شکاند، بینیم کلیلی دەرگاکەی لەژێر سەری خۆی دانابوو مۆبایلەکەشی لەناو دەستی بوو هەموو لەشی خوێن بوو دەستمدایە گیانی سارد بوو مردبوو، هەر بەو شەوە باوکی لەگەڵ خزمەکانی چووبوونە چوار قوڕنە بۆسەردانی خزمێك، بۆیە من خۆم چووم لە بنکەی پۆلیس سکاڵام لە دژی کوڕەکەم و ئەوانەی لەگەڵی بوون تۆمار کردووە».



### باوکی گوڵستان:
### (ح) کە توڕە دەبوو دەمانچەی لە خێزانەکەی خۆشی دەردەهێنا

باوکی گوڵستان دەڵێت «لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١١/٩/٨ لەگەڵ براکانم و خەزوری کچەکەم و چەند خزمێك چووینە چوارقوڕنە بۆ ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خزمێك کە ببوو بە ناخۆشیمان، بەڵام کاتژمێر ٣:٣٠ شەو تەلەفۆنێکم بۆ هات ئاگاداریان کردمەوە کە کچەکەم لەخەو کوژراوە، پاش ماوەیەك زانیم کوڕەکەم کوشتوویەتی و بەبڕیاری خۆی ئەوەی کردووە، ئەو کوڕەی من بەبێ هۆکار کوشتوویەتی، بەڵام پێشتر هەستمکردبوو کە بەم دواییانە لەگەڵ هاوڕێی خراپ هاتووچۆی دەکرد، زۆر ئامۆژگاریم دەکرد سوودیشی نەبوو، هەستم پێکردبوو هەڵسوکەوتی زۆر خراپ ببوو لە خێزانەکەی خۆی توڕە دەبوو دەمانچەی لێ دەردەهێنا، من هەر بەبیستنی هەواڵەکە گومانم لە (ح) کوڕە تاقانەکەم کرد و هەروەها لە پرسەکەشی بە تەلەفۆن وتی من کوشتوومە».

### تاوانبار ڕایکردووە

عەقید جەمیل محەمەد ئەمین سورچی لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی هەولێر دەڵێت «ئاگادار کراینەوە بەبوونی تەرمی ئافرەتێکی کوژراو لە گەڕەکی کوردستان، ئێمە کە گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە کە لەژوورێکی بچووك بوو، لەلایەن کەسوکارییەوە دەرگای ژوورەکەیان شکاندبوو بۆ ئەوەی کوژراوەکە لەمردن ڕزگار بکەن و بیگەیەننە نەخۆشخانە، لەبەر ئەوەی تاوانبارەکە لە پەنجەرەکەوە تەقەی لێکردبوون و کوشتبوونی، دوای لێکۆڵینەوە و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت، کوژراوەکە هەتا گەیشتوونەتە سەری خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووەو بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی، سەبارەت بە تاوانبارەکەش لە پرسەی کوژراوەکە تەلەفۆنی بۆ خانەوادەکەی کردووە و خۆی دانی بەوەداناوە کە ئەو گوڵستانی کوشتووە، هەربۆیە ئەوە ئاشکرابووە کە (ح) ی برای ئەو کارەی کردووە و کوشتویەتی و ڕایکردووە تا ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە و براکەشی دەستگیر نەکراوە.






## هونەرمەندێک سکاڵا لەسەر برازاکەی خۆی دەکات

هونەرمەندی کوردی تورکیا(م.ش.ت) کە تەمەنی ٥٣ ساڵە و دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندایە و ئێستا بە سەردان لە هەولێرە، ڕۆژی شەممە ٢٠١١/١١/١٢ سکاڵای لە بنکەی پۆلیس لەسەر براکەی بەناوی (م.ع.ش.ت) تۆمار کردووە و بیانووی سکاڵاکەشی ئەوەیە کە برازاکەی لە دادخوازێکی داوە، لە ئاکامی ئەم سکاڵایەش دادوەر بڕیاریداوە بەپێی مادەی ٤١٣ی سزادانی عێراقی، تۆمەتبار دەسگیر بکرێت.

## دوای تێپەڕبوونی ١١ ساڵ بەسەر کوشتنی خوشکەکەیدا براکەی وەک تاوانبار دەستگیر دەکرێت



ڕۆژی هەینی ٢٠١١/١١/١١ تاوانبار (خ.م.ق) بە تۆمەتی کوشتنی خوشکەکەی (ب.م.ق) دەستگیر دەکرێت، کە تاوانبار لەساڵی ٢٠٠٠ خوشکەکەی خۆی کوشتووە و دوای دەستگیر کردنیشی دانی بە تاوانەکەیدا ناوە، بەوەی لەو بەرواره لەناوچەی نێوان دارەتوو و هەولێر خوشکەکەی خنکاندووەو هۆکاری ئەم کارەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە خوشکەکەی بێوەژن بووە و بێ پرسی ئەوان لەگەڵ کەسی دیکە چۆتە دەرەوە، ئەویش بە بیانووی ناموسپارێزی هەستاوە خوشکەکەی خۆی کوشتووە، سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاند کە دادوەر بەپێی مادەی ٤٠٦ی سزادانی عێراقی بڕیاری بەندکردنی تاوانبارەکەی داوە و هەتا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تاوانە بەردەوامە.



لەگوندی گۆڕە شێری سەر بە پارێزگای هەولێر باوکێك بەناوی (ج.ع) بە بەچەك لەکوڕەکەی بەناوی (ع.ج.ع) دەدات و بریندار دەکات، پاشان دەیهێنن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بەرلەوەی بگاتە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات، هەربۆیە پاش گەیشتنی بۆ نەخۆشخانە، لاشەی کوژراوەکە دەنێردرێت بۆ پزیشکی دادوەری، راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر سەبارەت بە رووداوەکە پێی راگەیاندین، کە دادوەر لێکۆڵینەوەی لەسەر رووداوەکە دەست پێکردووە و بڕیاریداوە بەپێی ماددەی ٤٠٦ی سزادانی عێراقی تاوانبارەکە دەستگیر بکرێت و چەکەکەشی دەستی بەسەردا بگیرێت.



# بەهۆی غازەوە کچێک لە قەزای مەخمور دەسووتێت

رۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١١/٩ کچێکی تەمەن ٣٢ ساڵ بەناوی (س.ح) کە کچی ماڵەوەیە، لە گوندی باقراتی سەر بەقەزای مەخمور بەهۆی غازەوە لەناو گەرماو سووتاوە، سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی راگەیاندین کە خۆشبەختانە ئەم خانمە لە مردن ڕزگاری بووە و قسەمان لەگەڵ کردووە و ئیفادەمان وەرگرتووە و خۆی دەڵێت گوایە بەهۆی غازەوە لەناو گەرماو سووتاوە و هۆکاری دیکەی لە پشتەوە نییە، ئێستاش ئەو خانمە لەبەشی سووتانی نەخۆشخانەی رۆژئاوای هەولێرەو دادوەریش پەڕاوی لێکۆڵینەوەی ڕەوانەی دادگای مەخمور کردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر هۆکاری ئەو ڕووداوە بکرێت



ژمارە (٨٥٥) ■ ٢٠١١/١١/٢١

# بەهۆی تۆپێک شیش گەنجێک گیان لەدەست دەدا

لە گەڕەکی بەهاری نوێ لەناو شاری هەولێر و گەنجێکی تەمەن ١٨ ساڵ لەکاتی داگرتنی بارێك شیش، تۆپێك لە شیشی بەسەردا دەکەوێت کە بەکرێن لە بارهەڵگرێك دادەگیرێت و لەئاکامدا بەهۆی قورسی شیشەکەوە گیان لەدەست دەدا، ئەوەی جێگەی داخیشە لەم ڕووداوەدا ئەوەیە کە شۆفێری بارهەڵگرەکە باوکی دلۆڤانی جوانەمەرگە، هەربۆیە وەك سەرچاوەیەك لە پۆلیسی هەولێر پێی راگەیاندین کە دادوەر بڕیاریداوە وتەی شاهێد حاڵەکانی رووداوەکە وەربگیرێت و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە شێوەی روودانی ئەو ڕووداوە بکرێت. راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە گوڵانی راگەیاند: فۆرمی توێکاری بۆ کراوە دادەور بڕیاری دا بە وەرگرتنی وتەی کەسوکاری مردو و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر جۆری رووداوەکە.



# گەشتێک بەنێو ژیان

## ئافرەتێک: «توندوتیژی دژی ئافرەتان لەزۆربەی

**مەهاباد یەکێک لە گەورەترین و بەناوبانگترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خەڵکی ئەم شارە زۆربەیان موسڵمان و سوننی مەزهەبن. ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە بەپێی سەرژمێریی گشتیی جەماوەر و خانووی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٦دا، ١٣٥،٧٨٠ کەسە. مەهاباد شاری هەریەکە لە قازی موحەمەد و هەژار و هێمن، هەروەها مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان (کۆماری مەهاباد) بوو.**
**کاتێك سەردانی ئەم شارە جوانە دەکەیت بەنێو کوچەو کۆڵانەکانی دەگەڕێیت هەست بەئارامیەك دەکەیت، کەسەیری خەڵکەکە دەکەیت و دەبینیت کەچەندە پەرۆشن بۆ کوردستانێکی ئازاد بۆئەوەی بەئازادی ژیانیان بەسەربەرن. زۆربەی خەڵکی ئەم شارە بازاڕین واتا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان کاری بازاڕی دەکەن، چونکە ناتوانن وەکو کارمەندێکی حکومەت لەدامودەزگاکان دابمەزرێن کە هەریەکەو بەکارێکەوە خەریکە بۆ بەڕێوەبردنی بژێوی ژیانیان. لەسەردانێکم بۆشاری مەهاباد حەزم کرد چەند کەسێك بدوێنم بۆئەوەی باس لەژیانی خۆیان بکەن و چۆن ڕۆژانە کاتەکانیان بەسەر دەبەن.**

سەرەتا یوسفی تەمەنی ٢٦ ساڵە، نزیکەی ١٨ ساڵە دوکانداره لەبازاڕی شاری مەهاباد دوکانی کوتاڵی هەیە، وتی «لێرەدا خەڵکی مەهاباد زیاتر خەریکی کاری بازرگانین بۆپەیداکردنی داهاتی ژیانیان، بازاڕەکەش بەرۆژ دەگۆڕێت، ڕۆژ هەیە بازاڕ زۆر باشە بەتایبەت لەکاتی بۆنەکان یاخود ئەگەر بووکێك هەبێت ئەو ڕۆژە داهاتمان باشترە.
ئەو کوتاڵ فرۆشە باسی لەوەش کردو وتی «خۆم دوکانی جلی کوردیم هەیە بەزۆری ئافرەتەکان سەردانی دوکانەکەم دەکەن، جا پیر بێت یان گەنج دێنە لامان بۆجلی کوردی، هەرکەسەو حەز لەرەنگێك دەکات، بەڵام زیاتر ئەمساڵ خەڵك ڕەنگی زەرد دەبات بەتایبەتی گەنجەکان، شێوەی جلی کوردی لێرە جیایە پشتێنەوکراس و دەسماڵ ئینجا ڕەنگەکان لەگەڵ یەك دەگونجێنن.

کورد لەهەموو شوێنێك هەمیشە بەجلوبەرگەکانی و دابونەریتەکەیەوە جوانە، بەتایبەت ئافرەتانی کورد هەردەم بەجلی کوردیەوە جوانن و لەئافرەتانی جیهان جیادەکرێنەوە، ئەم جلە کوردیەش لەهەر شوێنێك بە شێوازێك لەبەردەکرێت، کوردستانی ئێرانیش جلە کوردیەکەیان جیا لەشوێنەکانی ترە.

### لەمەهاباد خەریکە جلی کوردی بەرەو نەمان دەچێت

ڕەزا دانیشتووی شاری مەهابادە ١٢ ساڵە لەو شارە دوکاندارە و جلی کوردی ئافرەتان دەفرۆشێت، ئەو دەڵێت «ئێستاکە خەڵك کەمتر جلی کوردی بۆماڵەوە لەبەردەکەن، زیاتر جلەکانی تر لەبەردەکەن بەتایبەت ئافرەتەکان تەنیا ئافرەتە بەتەمەنەکان جلی کوردی لەبەردەکەن، ئەگینا ئافرەتە گەنجەکان تەنیا بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان جلی کوردی دەپۆشن، بۆیە دەتوانم بڵێم جلی کوردی بەرەو نەمان دەچێت.
خاتوو مریەم تەمەنی ٤٠ ساڵەو خەڵکی مەهابادە ئەویش هەمان ڕای هەیە لەسەر پۆشینی جلی کوردی لە ماڵەوە وتی «ئێستاکە زۆر بەکەم خەڵك جلی کوردی بۆماڵەوە دەپۆشێت، زیاتر لەبۆنەکان جلی کوردی دەپۆشن بەتایبەت لەڕۆژانی جەژن و نەورۆزدا.
دواتر نازە محەمەد تەمەنی ٢٣ ساڵ کە لەیەکێك لەدوکانەکانی فرۆشتنی جلی کوردی بوو خەریکی جل کڕین بوو، بە پێچەوانەی ڕای (ڕەزا و مریەم) ئەو وتی «تازە ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، هاتووم دوو دەستە جلی کوردی بۆگواستنەوەکەم بکڕم کە لەرۆژی گواستنەوە یەکێکیان دەپۆشم، حەزدەکەم بەجلی کوردی بکرێم بەبووك، نەوەك بەکراسی بووکان لەبەرئەوەی ماڵی هاوسەرەکەم ئاغان. پێش ئەوەی ژیانی هاوسەریش پێکبهێنم لەماڵەوەش جلی کوردیم دەپۆشی.
ڕەزای کوتاڵ فرۆش ئەوەشی خستەڕوو «کاتێك کچێك ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت ئەوکات دوو جلی کوردی بەپشتێن و کراس و دەسماڵ و شتەکانی تر دەکرێت کە پێویستە، نرخەکانیشیان بۆهەر جلێك بەملیۆنێك کەمتر ناکرێت.
توندوتیژی کردارێك کە زیان بەبەرامبەرت دەگەیەنێت بەتایبەت توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان کە لەزۆربەی وڵاتان ئەمە پەیڕەو دەکرێت و مافی پێشێل دەکرێت، لەکوردستانی ئێرانیش وەکو شوێنەکانی دنیا مافی ئافرەت پێشێل دەکرێت و ڕۆژانە ئافرەتان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.


### بنەماڵەکەم ڕێگە نادات لەدەرەوە کار بکەم

نازێ محەمەد تەمەن ٢٥ ساڵە و لەیەکێك لەقوتابخانەکانی شاری مەهاباد مامۆستایە وتی «ئێستاکە توندوتیژی دژی ئافرەت لەکوردستانی ئێران گەلێك زۆرە، تەنانەت تاکو ئێستا بنەماڵە هەیە قبوڵ ناکات ژنەکانیان بخوێنن یاخود



# ــــى خەڵكى مەهاباد

## شارەكـانى كـوردستانى ئێران بەرەو زياد بوونە»



عەبدولباقی



تانيا



ڕەزا

بەشداری لەكاری دەرەوە بكەن یان بچن بۆ بازاڕ، ڕۆژ بەرۆژیش ڕێژەی خۆسووتاندنی ئافرەت زیاد دەبێت.

ئەو مامۆستایە ئەوەشی خستەڕوو كاتێك ئافرەت لەپیاوەكەی جیادەبێتـــەوە ئەو ئافرەتە منداڵەكانی لێدەســـەنرێتەوە تەنیا ئەگــەر منداڵەكە تەمەنی بچووك بوو ئەوكات لای دایكەكە دەبێت تا تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵ ئەوكات دەدرێتەوە بە باوكەكە.

مریەم وەك باســـی دەكات كە خوێنـــدەواری نییە دەڵێت: چونكـــە ئەوكات بنەماڵەكەم ڕازی نەبوون بچمە خوێندن، ئێســـتاش خاوەنی چـــوار منداڵم و ڕۆژانـــە بە كاری كشـــتوكاڵییەوە خەریكم و بە هاوكاری لەگەڵ هاوســـەرەكەم سێو و ترێمان هەیە دەیفرۆشین.

تانیا حەمەدەمین كارمەندە لەمۆزەخانەی شـــاری مەهاباد كەماوەی سێ ســـاڵە گەڕاوەتەوە شاری مەهاباد، پێشتر لەشـــاری هەولێر دانیشتووە وتی «پێشـــتر لەهەولێر قوتابی پەیمانـــگای هونەرە جوانەكان بـــووم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی تەواوی بكەم لەبەرهەندێك هۆكاری تایبەت بەژیانی خۆم و گەڕامەوە شاری مەهاباد. ئەوە ماوەی دووساڵە لەم مۆزەخانەیە كاردەكەم كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی خامەنشـــینەكان، كەڕۆژانەخەڵك دێت سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەكات بەتایبەت خەڵكی بیانی.

تانیا ئاماژە بەوە دەدات كەئافرەتی مەهاباد زیاتر بەكاری ماڵەوە خەریكن، یاخـــود بەخوێندن. كەم ئافرەت هەیە بتوانێت كاری دەرەوە بكات.

دواتر نازە ئەوە دەخاتەڕوو كە كۆلێژی تەواوكردوە، دەڵێـــت «لێـــرە حكومـــەت زۆر بەكەمی كورد دادەمەزرێنێت، دەبێت بۆخۆت كاری ئازاد بكەیت، بنەماڵەكەشم قبوڵ ناكەن هیچ كارێك بكەم، ئێستا لەماڵەوە دانیشتووم».

**ژیان لە كوردستانی ئێران زۆر سەختە**

عبدولباقـــی ئەنجـــەت نیا كە خەڵكی شـــاری مەهابـــادەو دوكاندارە لەبـــازاڕی مەهاباد دەڵێت «ڕۆژانە كاتەكانی خۆم لەم دوكانە بەسەر دەبەم و بژێوی ژیانی خۆم بەڕێوەدەبەم، لێرە زۆربەی خەڵك بەم كارە بژێوی ژیانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، ئەگەر وانەكات دەبێـــت یا كاری قاچاخ بـــكات یاخود كاری بازرگانـــی بكات یان لەگەڵ بنەماڵەیەكی دەوڵەمەنـــد كاربكات، زۆر بەكـــەم خەڵكی كورد لێـــرە كارمەندی حكومەتـــە. لێـــرەدا ژیان زۆر سەختە، چونكە شتەكان گرانن و هەمووی بەڕیال دەكرِدرێـــت ئەگەر كارمەنـــدی حكومەتیش بیت هێشـــتاكە بژێوی ژیانت پێ بەڕێوەناچێت دەبێت كارێكی تریشی لەگەڵی بكەیت.

ئـــەم پیاوە ئـــەوەش بـــاس دەكات، ئەگەربتەوێ دابمەزرێـــت دەبێـــت شـــەهیدت هەبـــێ ئینجا دادەمەزرێـــی، زۆرجـــار خەڵكیـــان دامەزراندوە بەفەرمانبەر دوایی گەر بزانن كوردیت لە كارەكەت لا دەدەن، بۆنموونە هاوڕێیەكەم چەند ڕۆژێك پێش ئێستا وای بەسەرهات دوومانگ بوو دامەزرابوو، دوایی كەزانییان كـــوردە لایان دا جگە لەوەش لە كوردستانی ئێران نابێت خەڵك زۆر دەوڵەمەند بێت، ڕێژەی دەوڵەمەندی دیاریكـــراوە، گەر لەڕێژەكە تێبپەڕێت، ئەوا پارەكەی بۆحكومەت دەبێت.

ڕەزا زۆر داخ لەدڵـــەو دەڵێت «ژیـــان لێرەدا زۆر زۆر ســـەختە بۆنموونە من زۆربەی قوماشەكانمان لەهینـــدو دوبـــەی بۆ دێت و بەگران لەســـەرمان دەوســـتێت، بۆیە ناچارین ئێمەش بەنرخێكی گران بیفرۆشـــینەوە، هەرچەندە خەڵكی ئێمە لەتوانای دانییـــە ئەم جلانە بەم پارەیـــە بكرِێت، بۆیە زیاتر بەقەرز دەیبات. بەڵام ئێســـتاكە باشترە لەچاو ١٢ ساڵ پێش ئێستا، چونكە ئێستا خەڵك برِێك گۆڕان بەسەر ژیانی داهاتووە.

